سەرۆک کۆمار پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی میسر ئەنجامدا

سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال رەشید لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا پیرۆزبایی دوبارە هەڵبژاردنەوەی بە خولێکی نوێی سەرۆکایەتی لە عەبدولفەتاح سیسی سەرۆک کۆماری میسری عەرەبی کرد.

نوسینگەی راگویاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوەکدا رایگەیاند: ئەمە چوارشەممە ، لەمیانی پێوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، دکتۆر لەتیف جەمال رەشید هیوای سەرکەوتنی بە سەرۆک سیسی دەربڕی و ئومێدی خواست گەلی میسری براش لە پشکەوتن و گەشانەوەی زیاتردا بژین، هەروەک جەختیکردەوە لەسەر ویستی عیراق بە پتەوکردنی پێوەندی برایانە، کە هەردوو وڵات لە بوارە جیاجیاکاندا کەدەکاتەوە.

لەلایەن خۆیەوە، سەرۆک سیسی سوپاس و پێزانینی خۆی بە بەڕێز سەرۆک کۆمار دەربڕی و جەختی لەسەر خواستی کۆماری میسری عەرەبی کردەوە بە پتەوکردنی پێوەندییە دوو قەیەکان و پاڵپشتیکردنی ئاسایش و سەقامگیریی عیراق و سەلامەتی گەلەکەی.